کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

سڵاو و موحەبەت بۆ ستافە ماندوو نەناسەکەتان /
بابەت :-

ڕوون January 26, 2007

کـردنـەوەیـەك /

لە سەرەتای یەکەم ژمارەی دەست بە کار بوونتانەوە تا ئەم ساتە زۆر بە خەستی
موتالای سایتە بەڕێزەکەتان
ئەکەم و ئەگەرچی دەیان پێشنیازیی پۆزەتیفم بۆ زیاتر گەشە کردنتان لە لا
گەڵاڵە بوو بوون بەڵام
وەك ئەوەی لە دڵما بن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوەی مەبەستم بوو کەم تا زۆر
چارتان کردن ،، هەڵبەت چاوەڕێ ی زیاترتان لێ ئەکەین بەڵام با ئەمەش جێ
بهێڵین بۆ ڕۆژانی داهاتوو کە دڵنیام وەك خۆزگەکانی پێشینەم هەر دێنە دی ..
ڕێزداران لێتان ناشارمەوە کە چ بۆ خزمەت ئێوەو سایتەکانی تریش نووسین گەلێکی
زۆرم لە ژێر ناوی خواستراودا نووسیوە و ناردووە و بڵاویش کراونەتەوە ،،
ئاماژەیەکی گرنگە ئەگەر بڵێم لە ترسی بەڵای شوهرەت و ناو دەر کردن بە ناوە
ئەسڵەکەم -- ( نەوزاد شێردڵ ) نەمنووسیوون -- نەك هیچ هۆیەکی تر ،، چوونکە
سەرجەمی باسەکانی من تەنها سیاسەتی لێ دەر بکەیت کە ئەبەد نەمنووسیوون
ئیتر لە سەراپای دەرگاکانی مەعریفەم داوە ،، چ فەلسەفەی موجەرەد ،، فەلسەفە
گشتیەکان ،، سیسیۆلۆژی ،، چیرۆک و شیعرو پەخشان و هونەر بە گشتی و شانۆ و
کاری سینەما بە تایبەتی و ،، ئەنثرۆپۆلۆژی ،، زانستەکانی سایکی و فیزیکی و
تەنانەت چمکە باسی پزییشکییش ،، کەواتە مەبەستەکە ڕاکردم بوە لە
لێپرسراوێتی -- ناوبانگ و
خۆ بردنە پێشەوە و ماجەڕای ئەم بەڵایانە -- نەك خوا نەکردە ڕەخنەی
داڕووخێنەر ئەگەر تەنها یەك دێڕییش بوو بن ،، لەوەش گەڕێن کە ئەوەی
قەڵەمی من بناسێت چاك دڵنیایە کە ئەبەد و خوا نەکردە یەك مسقاڵ هەست
بریندار کردنی تاکێکی چ کوردو چ بێگانەش
چ بە کوردیی بێت یا عەرەبی و ئینگلیزیی لە مەزهەب و مۆڕاڵی مندا نەبوون ،،
هۆکاری ئەم خستنە ڕووەم لەو
سۆنگەیەوە ڕێچکە ئەگرێت کە زۆر موتەئەسیفانە ساڵانێکی زۆرە بە دەیان شیعرم
لەملاو ئەولا بێ هێما دان بە ناوە
خوازراوەکەشم کراونەتە گۆرانی یا بە ناوی کەسێکی ترەوە بڵاو کراونەتەوە ،، تا
کار ئەگاتە ئەوەی هەندێك بەحسی ئەکادیمیم و ڕاپۆرتە نووسین و بگرە شانۆشم
بە سیناریۆکانیانەوە بوونەتە موڵکی کەسانێك کە بە هۆی پەیوەندییە زۆرەکانمەوە
کەووتوونەتە بەر دەستیان و ئەوانیش حازر بە دەست بڵاویان کردۆتەوە ،، جا
وێڕای لێبووردنم بە گرتنی ئەم هەموو کاتە گرنگەی بەڕێزتان تاقە مەبەستم
ئەوەیە هەمان ئەم نووسراوەم بو گەلێك لە بڵاو کراوە ئەلکترۆنی و کلاسیکەکانی

ناوخۆو دەرەوەی کوردوستانی مەزن ناردوەو پێم ڕاگەیاندوون کە لە ماوەیەکی نزیکدا نامیلکە گازندەیەکی بەڵگەدار چاپ ئەکەم و بە فەرمی و بە شاهێدی و بە ڕێکەوت و وێنەشەوە ناوی هەموو ئەو بەڕێزانە تا ئەگاتە نووسەرە ناسراوەکانیشی تێدا ڕیز ئەکەم کە کارەکانی منیان وەك خۆی یا بە کەمێك دەستکارییەوە بە ناوی خۆیانەوە بڵاو کردۆتەوە ،، کە پشکی شێر لەم نا عەدالەتیەدا زیاتر بەر نووسەرەکانی کوردوستان پۆست و دەنگەکان و هەندێك سایتی نووسەران و گۆرانی بێژان و سیاسیانی --کوردی - ئینگلیزیی - عەرەبیی تر ئەکەوێت ،، تا ئێرە و لەمەودوا بە ناوی سیانیی خۆمەوە بەرهەمەکانم بڵاو ئەکەمەوە و چیتر لەو عقدەی -- شوهرەتەش خۆم قووتار ئەکەم کە سامی پێ نیشتبووم،،

بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر ناوی هەر خاوەن قەڵەمێکی بەڕێزی سایتە ئێجگار لەبەر دڵانەکاتان کەوتە نامیلکەکەمەوە ئەوا زۆر زۆر بە ئاسانیی و بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرەوە ئەو نهێنیانە ڕوون ئەکەمەوە کە ئەو بەرهەمانەم چۆن و لە ڕێگای کێوە کەوتۆتە بەردەستی ئەوان تاکوو لە فرسەتا بە ناوی خۆیانەوە بڵاوی بکەنەوە ...

(( شادیتان ،، تەندرووستیی گەشتان ،، بەرەو پێش چوونی مادی و مەعنەویتان )) لە خوای گەورە داواکارم و

زۆر بە توندی دەستتان ئەگووشم کە چۆن ئەم سایتە ساوایەتان کردە جۆرە قووتابخانەیەکی مەعریفیی هاوچەرخ ،،

وەك ووتیشم زۆرتان برپیوەو کەمتان ماوە ،، خۆزیا مەشغەڵەتی دەیان کار ڕێگایان پێ بدامایە تاکوو پێشنیازە کوورتەکانم لە ڕووی مەوزووعی و تەکنیکی و ،، هتد ەوە بخستایەتە بەر دیدو بۆچوونتان ،،

-- هاوڕێی پێشتر ناو خواستراووی دێر زەمانی سایتە نازدارەکەتان و دەیان سایتی تریش --(

نــەوزاد شـــێردڵ -)

-- نووسەر و شانۆکار / کادێری کاندیدی پارتی سەوزی کەنەدیی ..

// Friday, 26 January, 2007 G.P.C

**Ontario - Canada**